## هەڵسانەوەی ناسیۆنالیزم: شانۆگەریی سەروەریتی بەسە تەواو



***لە ئەڵمانیەوە/ هەڵو بەرزنجەیی***

نووسینی: ***د. ئانا زاوەربرەی***



**بزاڤی سەربەخۆیی لە کاتالۆنیا نیشانی دا، دەوڵەتی نەتەوەیی لە قەیراندایە ؟ هەروەها پۆست ناسیۆنالیزمیش.**




پێنج شەممەی داهاتوو(واتە ٢٠١٧/١٢/٢٠...چونکە ئەم وتارە پێشتر نووسراوە.و) کاتالۆنییەکان پەرلەمانێکی نوێ هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنەکەش وەک ریفەراندۆمێکی ناڕاستەوخۆی سەربەخۆیی کاتالۆنیا تەماشا دەکرێ.

ڕاپرسییەکان نیشانی دەدەن کە کێبەرکێ زۆر نزیک لە نێوان لایەنگران و دژەکان دایە. ڕەگوڕیشەی کێشەی نێوان هەرێمی کاتالۆنیا و دەوڵەتی سپانیا دەگەڕێتەوە بۆ قووڵایی مێژوو. هەڵبەت بزاڤی نەتەوەیی کاتالۆنیایش لەبەردەم دوودڵییەکی بێهاوتای بارودۆخی جیهانیدایە: ئەو بەشێکە لە ناسیۆنالیزمی بەهێز لە پێناسەی تەسکی مێژوویی - کولتووریی بۆ کۆمەڵگایەک لە مرۆڤ،کە وا چاوەڕوان دەکرێ، دەبێت

دەوڵەتی داواکراوی خۆیان دروست بکەن. هەروەها ئەو بەشێکە لە قەیرانی دەوڵەتی نەتەوەیی، کە ڕەوایەتی و تواناکانی لێ دەسێنێتەوە، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کاتالۆنی بکات.

لە کۆتاییدا سەرۆکی لابراوی هەرێمی کاتالۆنیا، کالۆس پیگیمۆنتCales Puigdemont دژی یەکێتی ئەوروپاEU وەستایەوە و وەک " **یانەی پووکاوەی مۆدێل بەسەرچوو نیشانی دا، کە لەلایەن کەمینەیەکەوە کۆنتڕۆڵ دەکرێ".**

لە کاتالۆنیا پرسیاری بچووک لە خۆیان دەکەن، کە ئێستا لە زۆر شوێنی دنیا بایەخ و گرنگی هەیە: باشترین فۆڕمی ڕێکخستنی/ ئۆرگانیزەکردن کامەیە و ـ گەورە بۆ پێکەوە ژیانی سیاسی و مامەڵەی سیاسی هاوبەش؟ چەند گەورە، دیسان بەر لەهەر شت چەندە کراوە بێت،سیاسەت/Polis؟ ئایا زاڵبوون بەسەر خەونی دەوڵەتی نەتەوەیی دا دەست لە خەیاڵ پڵاوی هەڵگرتنە ؟!

ئێمە لە گەڕانەوەی ناسیۆنالیزم دا دەژین ـ یاخود داڕووخان بۆ یەکەی هێشتا بچووکتر؟ و ئایا پیاو چۆن دەتوانێ ڕایبگرێ؟

پاش کۆتایی جەنگی سارد،لە ساڵی 90 کان و دەستپێکی 2000 دا، کۆسمۆپۆلتیکە لیبەڕاڵەکان پێیان وابوو،دەکرێ و دەتوانرێ زاڵ بین، بەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی دا. جیهانگەرایی ئابووری، کێشە هاوبەشەکانی مرۆڤ، وەک کەمبوونەوەی کەرەسە و گۆڕانی کەشوهەوا، بەڕێوەبەرانی ئینتەرنێت و لێشاوی دارایی جیهانی، داخوازی ئەندازەیەکی زیاتری هەرەوەرزی جیهانی دەکەن، لە کاتێکدا تێزەکان دەڵێن،لە ڕێگەی جیهانگەرایی کولتوورییەوە،یەکێتی نەتەوەیی و جیاوازییە کولتوورییەکان کەم دەبنەوە.

Saskia Sassen،لە کتێبەکەیدا کە Territory,Authority,Rights کە2006 دەرچووە،بە نێزیکەیی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک دیاردەیەکی دەرکەوتووی کاتی مێژووی جیهانە.

دەوڵەتی نەتەوەیی، وەک دەوڵەتی کۆلۆنیالی خاوەن بەرژەوەندی ئابووری بەهێز، جیهانگەرایی پاڵپێوەناـ تا لە دوا قۆناخدا، بەسەریدا زاڵ بێت، بۆ هەڵهاتن لە سیستەمی نێونەتەوەیی پێکەوە کارکردن وەک سیستەمی Bretton-Woods System، (سیستەمی دراوی جیهانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بڕیاری لەسەر درا و دۆلار بووە دراولەنگەر..و) بۆ سەقامگیرکردنی نرخی دراو یاخود ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

Sassen و هی دیکەش دژ بە هەست دەنووسن، کە دەوڵەتی نەتەوەیی باشترین و تاکە شیاوی بیرلێکردنەوەی، فۆڕمی ڕێکخراوەییە بۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی. ناوبراو دەنووسێ"شتێکی سروشتی نەبوو،سووک یاخود پێشوەخت بڕیار لەسەردان لە دەوڵەتی نەتەوەیی".

پۆست ناسیۆنالە خەیاڵییەکان خەونیان دەبینی و خەون دەبینن،بە زەقی دەریبڕم، بە سنوورە ئاوییەکان/ شلەکانەوە. بەو کۆمەڵگاکانەوە، کە جیابوونەوە لەوانەی کە خوێنی باب و باپیرانیان،لەسەرخاک ڕژاندوە بە کۆمەڵگای مەجازی نەتەوەییەوە،بە جیهانێکەوە،کە بیرکردنەوەی کۆسمۆپۆلەتی بەرپرسیارێتی هەموو بۆ هەموو لە ئامێز بگرێ. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئەمڕۆ ناسیونالیزمێکی نوێ قووت بۆتەوە. لە هەنگاریا،پۆلۆنیا، ئۆتریش/ نەمسا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و بۆ دواجاریی جارەکانیش لە ئەمەریکا. لە جیهاندا سیاسییە نەتەوەییەکان دەیانەوێ تا ئەو شوێنە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پێکەوە کار بکەن، کە بەس بێت بۆ بەرژەوەندی سەرەکی خۆیان، یاخود بەشی خۆیان بکات.

ڕاوێژکاری ئاسایشی دۆناڵد ترامپHerbert McMaster& Gary Cohn،D.Trump, کە لە ئەنجوومەنی ئابووریدان، پێش نیو ساڵ لە Wall Street Journal دا،بەم شێوەیە دارِشتووە" ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە کە بەرژەوەندییەکانمان دابەش دەکەن، نابنە دۆستی متمانەپێکراو،وەک ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیبینێ. ئەوانەی ڕووبەڕووی ئێمە دەوەستنەوە،ئێمە زۆر یەکلاکەرەوانە بەرەنگاریان دەبینەوە".

بۆ ئەوەی جارِی گووژم و تەکانی گەڕانەوەیەک بدەین، جارێ زووە. نە ناسیونالیزم بردوویەتییەوە و نە بیرۆکەی پۆست ناسیۆنالیزم دۆڕاوە. گەشبینەکان بەردەوام ڕابەرایەتی دەکەن، کە ترامپ دەخوازێ ڕێکەوتننامەی پاریسی هەڵوەشانێتەوە، زۆر ولایەتی ئەمەریکایی هەر وابەستەن پێوەی و دەیانەوێ کاری پێ دەکەن. ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەوا یەکێتی ئەورووپا لەم کاتەدا بەرگریکردن لە پێکەوە کارکردن چڕ دەکاتەوە و ئینجا پاش ڕەتکردنەوەی ترامپ بۆ ڕێکەوتننامەی بازرگانی ئازادی سەرووکیشوەرەکان، باقی وڵاتانی تر دەستی پێوە دەگرن. وە سیاسەتمەداری وەک سەرەک وەزیرانی کەنەدی Justin Trudean ، کە وڵاتەکەی وەک یەکەمین(پۆست ناسیۆنالی دەوڵەتی جیهان) دادەنێ، هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

لەم ڕوانگە کۆسمۆپۆلەتیکییەوە، ناسیونالیزم نەخۆشییەکە، کە پیاو باوەڕی وایە بەسەریدا زاڵ دەبێ، لێ هەنووکە بەڵام هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە دووچاری مۆدێرنە بووە.

بزاڤی ناسیۆنالیستی لە لایەن لیبەڕاڵەکانەوە وەک Pathologie/ زانستی نەخۆشی، تەماشا دەکرێ، چونکە ئەوە بەر لەهەر شتێ وەک بزاڤێکی ئێتنیکی لێ حاڵی دەبن.

لە هەقیقەتدا زۆر لە ناسیۆنالیستەکان، پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی، وەک شتێکی ئۆرگانی، شێوەیەکی بوونی بە کۆمەڵ، پێکەوە ڕاگیراوە، لە ڕێگای کولتوورێکی "زگماگەوە". " کولتوورەکان،زمانەکان و ناسنامەی نەتەوەییەکان"، ئەمە واتای لە پرۆگرامی پارتیAfD( پارتێکی ئەڵمانییە بەناوی: ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا و ساڵی ٢٠١٣ دروست بووە بە ناسیونالیست دادەنرێ.و) وایە "کایەی دیاریکردن و ناسینەوەی ناسنامە و دەستبەردارنەبوونی، کە تەنیا لە دەوڵەتی نەتەوەییدا، بە دەستوورێکی دیموکراتیی پڕ لە کاریگەرێتییەوە دەتوانرێت نەخشەی بۆ بکێشرێ".

کەوتن و شکستی ڕەگەزپەرستانەی ترامپ، لە دژی کۆچبەرانی مەکسیکی و ترس لە ئیسلام لە هۆڵەندە و فەرەنسا، گوزارە و دەربڕیی ئەم ڕامانە. لە ئەڵمانیا گەنگەشەیەک خول دەخوا، بە دەوری ناسنامەی نەتەوەیی لەمەڕ پرسیاری چۆن: کێ پێوەنداره بەوەوە و بۆ ئەوە؟ کولتووری باڵای ئەڵمان چییە؟. داخۆ /ئیسلام سەر بە ئەڵمانیایە؟.

کۆسمۆپۆلێتییەکان سەر دەکەون بەسەر گەنگەشەکان دا و لە دژی دەوەستن. لەوێدا لە بایەخی ئەوە کەم دەکەنەوە، کە گومانلێکردن و بەتاڵکردنەوەی جیهانی، دەوڵەتی نەتەوەیی، هەر تەنها ناسنامەی نەتەوەیی نادیار ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها مانای زیانی ڕاستەقینە و کاریگەرێتی توانای خۆییشە.

لە ئۆکتۆبەردا، لە کۆڕی بیرەوەری 40 ساڵەی مەرگی Hanns Martin Schleyers مێژوووناسی خەڵکی شاری Andreas Rödder،Mainz، بەتوندی ڕەخنەی لە سیاسەتی کۆچبەری ئەڵمانی گرت و نەخشانی بەوەی،کە بە خەمساردی و کەمتەرخەمییەوە بەدەستەوەدانی سەروەرێتی نەتەوەییە. ئەو پێناسە کلاسییکییەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی وەبیرهێنایەوە، لە ڕێگای ئەکۆدی سێ دەنگەکە،

دەوڵەتایەتی،گەلی دەوڵەت و ناوچەی دەوڵەت و وتی، ئەم ناوچەی دەوڵەتە پەیوەستە بە کۆنترۆل کردنی خاوەنەکەی، سنوورەکانیشی خاوەنەکەی وابەستەیە بە کۆنترۆل کردنی.

وەزیری ناوخۆ Thomas de Maiziere ،بە ڕەقی بەرپەرچی دایەوە. ئەم پێناسەیە هیچ مانایەکی نییە هەر ئەوە لەبەرئەوەی لە کاتی Schengen وە سنووری دەرەوەی ئەڵمانیا، دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست. یاخود لەوەتەی ڕێکەوتنامەی یەکێتی ئەوروپا ـ تورکیا، ناکەوێتە نێوان سوریا و تورکیاوە؟ داخۆ لەوکاتەی ڕێکەوتننامەی، لوتکەی یەکێتی ئەوروپا و ئەفریکا، بۆ مەسەلەی کۆنتڕۆڵی کۆچبەران، ناکەوێتە نێوان لیبیا، نێجیر و چادەوە؟ داواکاری زیاتری کۆنتڕۆڵکردنی سنوور، وەک کاری بانگاشەی سەروەری نەتەوەیی،دەڕوات بەرەو دوورتر پووچانەوەی سنوور.

دەوڵەتایەتی،گەلی دەوڵەت و ناوچەی دەوڵەت، لە ڕەوتی جیهانگەراییدا، ڕوون و ئاشکرایی خۆی لەدەست داوە، کەواتە هێشتا مانای دەوڵەت چییە؟. دامودەزگا و کۆمپانیا گەورەکان، لە باجدان خۆیان دەدزنەوە و دادەماڵن، لە ڕێگای پێکەوە بەستنی زیرەکانە بە کۆمپانیاکانی دەستەخوشکییانەوە.

هاوکات ئەوان بە شێوە ـ دەوڵەتییەک خۆیان دەکەنە لایەنی دەوڵەتی. فەیسبووک بۆ نموونە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووی ئاسیا و ئەفریکا ژێرخانی ئینتەرنێت فراوان دەکات ـ و لەگەڵ ئەوەدا خۆی دەکاتە ڕێکخەر ، بەوەی کۆنترۆڵ دەکات. خەڵک کام جۆر خزمەتگوزاری دەتوانێ بەکاری بهێنن و بۆی نییە کامانە بەکاربهێنێ.

"کۆمپانیا یاخود کارخانەکان چالاکانە دەست بەسەر کایەی دەوڵەتدادەگرن،ئەوان پراکتیزەی کۆلۆنیالیزمی دیگیتالی دەکەن، بەتایبەت لە ئەفریکا و Cathryn Clüver Ashbrook، لە Harvard Kennedy School ، پێش ماوەیەکی کورت ،لە ۆورکشۆپیHolbrooke Forumsی ئەکادیمیای ئەمەریکی سەبارەت بە ئاکامی دیگیتالیزەکردن بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

ۆورکشۆپەکە بەڕێکەوت نەبوو لە تالینی ئیسلاند بەڕێوە چوو. ئیسلاندی بچووک (43,000 کم و خاوەنی 1,300,000ملیۆن دانیشتوانە)، هەڵمەتێکی ستراتیژی دەئاژووتێ، سەرزەمینەکەی بە دیگیتال بتەنێتەوە و لەم ڕووەوە پێناسەی کلاسیکی"ناوچەی دەوڵەت" دەخاتە بەردەم پرسیارەوە.

کۆمپانیاکانی دیگیتال دەتوانن نشینگەیان لە ڕاستیدا بگوێزنەوە بۆ ئیسلاند و لە سیستەمی ئاسانی باجدانی ئەو وڵاتە قازانج بکەن. داتای هاوڵاتییەکانی ئاسایشی دەوڵەتی باڵادیگیتالیزە مسۆگەر کردووە،لەسەر هەمان بیرۆکە، لەم ساڵەوە لە ترسی هێرشی سایبەر Cyber attackی ڕووسەکان و هەروەها بۆ سەر سێرڤەکان لەسەر خاکی لۆکسەمبۆرگ، لە ژێر مافی ئیسنی ـ بە شێوەیەک "کۆپی دیگیتال" بە کردەوە لەسەر زەمینی ئیسلاند.

کایەی ماف بەراستی( بۆ نموونە ڕێکەوتنی پاراستنی داتاکان) لە گرێبەستی نێونەتەوەییدا(ڕێکەوتنامەی بازرگانی ئازاد، ڕێکەوتننامەکانی کەشوهەوا) و ڕێکخراوە جیهانییەکان دا(UN,EU,WTO) لێکترازانی مەودای یاسایی و سەرزەمین و خولقاندنی بێسەروبەریی لە داواکاری، کە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێ جێبەجێ بکات.

لە دیدوبۆچوونی زۆرینەی هاوڵاتییانەوە،هێشتا دەوڵەتی نەتەوەیی، لە ڕاستیدا،هەر نوێنەری ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانیانە، ئامێری مامەڵەی سیاسەتیشە، ـ بۆ ناوخۆ و بۆ دەرەوە. بۆیە چاوەڕوانی بێ هیوابوون لە تواناکانی مامەڵەی دەوڵەتی نەتەوەیی، تووڕەیی و شێگیری دەخولقێنێ.

لەو کۆڕی یادەوریییەی باسمان کرد، بەر لە هەمووان کۆنزەڤاتیڤە لیبەرالەکان، لە نێوانیاندا زۆر یاساناس بەیەک گەیشتن، بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرا، هەتا ئەمڕۆ لەدەستدانی کۆنترۆڵ، مۆتیڤی ناوەندی بزوێنەری ڕەخنەیە لە سیاسەتی کۆچبەرانی Angela Merkel. دا. "تێشکانی دەوڵەت" بوو بەهۆی و دەبێت بە یەکێ لە خۆشەویسترین#AfD-Hashtag . توێژەرە پۆپۆلیستەکان دەڵێن،لەدەستدانی کۆنترۆڵ، مۆتیڤێکی بەهێزی بزاڤی پۆپۆلیستییە، لە ئێستادابە هۆی پەککەوتنی پاراستنی سنوورەوە. سنووری دەوڵەت، کولتوورە ـ ئێتنۆکەکان،دەبەسترێتەوە بە مەرامی سەروەرێتی ناسیونالیستەکانەوە.

لەبەر ئەوەی سیاسییە ناسیۆنالیستەکان دەزانن، کەوا زۆرینەی خەڵک هێشتا هەر چاوەڕوانن، دەوڵەتی نەتەوەیی لە خاوەندارێتی تەواوی دەسەڵاتی خۆیدا بێت، گەمەی شانۆگەری سەروەرێتی دەکەن. سیاسییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهان دا، گفتی گەڕانەوەی پیشەسازی پۆڵا، باشتر پاراستنی داتا، یاخود کۆنترۆڵکردنی کۆچبەران ـ لە مەعریفەدا، کەوا سەرجەم ئەم ئامانج و مەبەستانە، هەموو کاتێ لەسەر فاکتەکانی گلۆبالیزەکردن یاخود کەماسی ئیرادەی هەرەوەرزی، دەتوانێ دەوڵەتانی دراوسێ شکست پێ بهێنێ.

لە گفتوگۆی تایبەتی جامایکا(ئاماژەیە بۆ ئاڵای وڵاتی جامایکا بە ڕەنگەکانی ڕەش،زەرد و سەوز،واتە پارتەکانی: کریست دیموکراتەکان، لیبەراڵەکان و سەوزەکانی ئەڵمانی.و) بۆ نموونە، ۳ پارتی ناکۆکن لەسەر لەکارخستنی هێنانی کەسوکاری خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی لاوەکیSubsidiary. (ئەو کۆچبەرانەی مافی پاراستنیان لەم ئەڵمانیا بەدەست هێناوە،دەتوانن یان ناتوانن کەسوکاریان بهێنن. بۆ نموونە کەسێک تەنیا بێت و لەژێر ۱۸ ساڵییەوە، بەپێی یاسا مافی ئەوەی هەیە کەسێکی پلە یەکی خۆی ڕاکێشێ،یان کەسێک هەمان مافی هەیە، دەتوانێ ماڵومنداڵی ڕاکێشێ،وەک یاسا دانپێدا نراوە،بەس لە ڕووی سیاسیی و کردارییەوە بۆتە جێی گفتوگۆ. بە تایبەت لە نێوان پارتە ئەڵمانییەکان و بابەتێکی گەرم و بەهێزی هەڵبژاردەکانی ۲۰۱۷/۹/۲٤ بوو.و)

یاسای یەکێتی ئەوروپا بێگومان پارمەتیدەرو دانپێدانراوە،کۆچبەرانی پارێزراوی لاوەکی بە پێی ڕێکەوتنامەی Genf وەک یەک هەروەها لە هێنانی کەسوکاریاندا. بەپێی یاسای کارکردنی 2011/95/EU ئەوانەی خاوەنی پاراستی لاوەکی پێداویستی پاراستن، مافی هێنانی کەسوکاریان هەیە. بەپێی تێڕوانینی هەندێ یاساناس درێژکردنەوەی وەستاندنی ئەم کارە، لەبەردەم دادگای ئەوروپادا چ چانسێکی نییە،دەبێ یەکێ گازندە بکات.

زەحمەتە بووترێ،چی زیاتر ناسیۆنالیزم تاو دەدات،کولتووری ـ ئێتنی سەرباری هەست و خرۆشی یاخود لەدەستدانی کاریگەرێتی و توانای خودی،وەک هاوڵاتی. بەم شێوەیە یاخود بەو شێوەیە، مۆتیڤی "لەدەستدانی کۆنترۆڵ" دەهێنێ و شایستەی ئەوەیە، بایەخی سەرنجدانی زیاتری بۆ تەرخان بکرێ.

ترس لە هەمەجۆری ئێتنی و کولتوور لەژێر بنمیچی دەوڵەتی نەتەوەیی دا، خێرا بەرەو کەندەڵانی بیروباوەڕی شعوبی و ڕەگەزپەرستی دەڕوات. لێرەدا پێوانەی گفتوگۆی ڕاستەقینە نییە،لە لەدەستچوونی توانای مامەڵەی هاوڵاتیدا و هاوبەشیکردنیدا، بەڵام پارچەی بڕاوی حازر بەدەست بۆ بیرکردنەوەی لیبەراڵی کۆسمۆپۆلیتی هەیە. ئێمە بووینەتە دانیشتوانی جیهانی، لێ نەک هاوڵاتی جیهانی. ئەمەش گرفت و کێشەیە و لەسەر ئەمەش دەیان ساڵە کۆسمۆپۆلەتیکەکان بیردەکەنەوە.

پیاو دەتوانێ چی بکات؟

یەکەم: توانا و دەرەتانی کۆنترۆڵ ساز بدەن،لە هەر کوێیەکدا شیاو بوو. ڕێگەی هاوڵاتی بدرێ لە ڕێکخراوە جیهانییەکاندا زیاتر ڕاستەوخۆ توانا و کاریگەرێتی بدرێتێ، ڕوونییەک/شەفافیتێکی گەورەتر لەسەر بڕیاردان دروست بکرێ. لەو گوتاری هەنووکەییەدا، سەبارەت بە ڕیفۆرمی یەکێتی ئەوروپا، ئەوە ڕۆڵێکی هێجگار بچووک دەلێزێ.

دەستپێک بۆ نموونە،لیستی هەڵبژاردنی سەروونەتەوەیی، وەک فەرەنسا،ئیتالیا،سپانیا، گریک/ یۆنان داوای دەکەن،جێگا لە پەرلەمانی ئەوروپا بۆ کاندیدەکانیان لە سەرتاسەری ئەوروپا. پیاو دەتوانێ دەست پێ بکات، لەگەڵ چاوەڕوانی بەتاڵبوونی منداتە بەریتانییەکان.(دوای برێکسد ئەندامە بەریتانییەکان دەکشێنەوە و شوێنەکەیان بەتاڵ دەبێت.و)

دووەم: کۆتایی بە شانۆگەریی سەروەرێتی بێت. سیاسییە ناسیۆنالیستەکان پێویستە بەکراوەیی بڵێن لە چ کایەکدا توانایان هەیە بە تەنیا زاڵ بن و لە چ کایەکیدا لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی ئەرکی خۆیان ڕێک دەخەن و هەیە و بۆچی بەکاری دێنن. ئەوە شەرمەزارییە،وا ـ بکەیت ـ هەر ـ وەک ئەوەی چاوەڕوانی دەبێتە هۆی بەهێزکردن لە کارکردنی نەتەوەییانە ـ و زیاترکردنی نائومێدی.

سێیەم: ئازایانەتر پارێزگاری لە دەوڵەتایەتی لە دژی کۆمپانیا جیهانییەکاندا بکرێ، ئەوانەی نوقسانی پەرەسەندن یاخود ڕێکخستن دەقۆزنەوە. لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی دیاریکراو و دژی هەڵاتنی باجەوە بۆ نموونە.لە هندستان دامودەزگا ڕێکخستنییەکان هەوڵەکانی فەیسبووکیان وەستاند، کە وەک Gatekeeper دەرگەوانی ئینتەرنێت دابمەزرێن و بچەسپێن.

چوارەم: بۆ خۆدزینەوەو و خۆلادان لەو دۆژدامان و چەڵەمەیە، متمانە بە بچوکترین ئەندامی کۆمەڵگا دیاری بکە بۆ چارەسەری کێشەکە.

ناسیۆنالیزمی نوێ کولتوور ـ ئێتنۆ مانای کۆمەڵگای دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەگۆڕێ لە مامەڵە و هەڵسووکەوتی هاوبەشەوە بۆ بوونی هاوبەش. ئەو نیگای خۆی لە ناوەوە دەگرێ و خۆی ئازار دەدات بەدەم پرسیاری ئەندامێتییەوە و هێنانەوەی ناوی نەتەوە وەک یەکەیەکی کۆتایی پێهێنراو و تەواو بووی کامڵ. لە جیاتی ئەوەی مامەڵەی بەهێزتر لەگەڵ خەسارەتەکانی مرۆڤ وەک هاوڵاتی بکات،وا وێنەیەکی دیکەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهێز دەکات لە کۆمەڵگایەکی بازرگانی/ مامەڵەی کراوە، لە جیهانێکی پۆست ناسیونال دا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی دێر تاگە شپیگل، ژمارە ٢٣٣٢٧ی ٢٠١٧/١٢/١٧

http://www.tagesspiegel.de/politik/aufstieg-des-nationalismus-schluss-mit-dem-souveraenitaetstheater/20733860.html